**بەناوی خوای بەخشندە و میهربان**

**بەناوی گەلەوە**

**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عیراق**

پشت بە حوکمی برگە (1)ی ماددە (56) لە یاسای ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموارکراوو لەسەر داوای ژمارەی یاسایی پەرلەمانتاران، ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عیراق لە دانیشتنی ژمارە (19)ی رۆژی 2008/11/26دا بڕیاری دەرچوواندنی ئەم یاسایەی دا:

**یاسای ژمارە (16) ی ساڵی 2008**

**یاسای پەسندکردنی دەستووری هەرێمی کوردستان**

**ماددەی یەکەم:**

مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە بۆ کاری ئەم یاسایە:–

**یەکەم:** هەرێم: هەرێمی کوردستان ـ عێراق.

**دووەم:** ئەنجومەن: ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق.

**سێیەم:** پڕۆژە: پڕۆژەی دەستووری هەرێم کوردستان.

**چوارەم:** لیژنە: لیژنەی تایبەتمەند کە کە بە بڕیاری ئەنجومەن ژمارە (5) لە 2005/9/8 راسپێدراوە بۆ بەدواداچوونەوەی پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان.

**ماددەی دووەم:**

ئەنجومەن لە خولی یەکەمی هەڵبژاردنی هەرێمدا بە دەسەڵاتی دامەزرێنەر دادەنرێت لەبەرئەوەی سیستەمی فیدراڵی بە بڕیاری ژمارە (22) لە 1992/10/4، کە پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان بەپێی بڕیاری ژمارە (26) لە 2002/11/7 دا پەسند کراوە.

**ماددەی سێیەم:**

ئامانج لەم یاسایە دیارکردنی میکانیزمی دانانی دەستوورێکی هەمیشەییە بۆ هەرێم بەپێی حوکمەکانی ماددەی (120) لە دەستووری عێراقی فیدراڵدا.

**ماددەی چوارەم:**

پڕۆژەکە بە دارشتنە کۆتاییەکەوە بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی هەرکاتێك کۆتایی بەکارەکانی هات لەلایەن لیژنەکەوە پێشکەش بە سەرۆکایەتی ئەنجومەن دەکرێت.

**ماددەی پێنجەم:**

سەرۆکایەتی ئەنجومەن دارشتنی کۆتایی پڕۆژەکە لەخشتەی کارەکانیدا دایدەنێ بۆ ئەوەی دەنگی لەسەر بدرێت.

**ماددەی شەشەم:**

پڕۆژەکە دەخرێتە بەردەم راپرسی سەرتاسەریەوە دوای پەسندکردنی لە ئەنجومەن بەرەزامەندی بەلای کەمی دوو لەسەر سێ ی ئەندامانیەوە.

**ماددەی حەوتەم:**

حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەریەتی ژمارەیەکی پێویست لەپرۆژەی دەستووری پەسندکراوی لەلایەن ئەنجومەنەوە، بەو زمانانەی کە لەهەرێمدا قسەیان پێدەکرێ (کوردی - عەرەبی - تورکمانی - سریانی) چاپ بکات بۆ ئەوەی لەراپرسیەکی سەرتاسەریدا بیخاتە بەردەستی خەڵکی کوردستان کە لەماوەیەکی گونجاودا حکومەتی هەرێم بەهەماهەنگ لەگەڵ کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان دیاری دەکات.

**ماددەی هەشتەم:**

1- لەسەر حکومەتی هەرێمە بە هەماهەنگی لەگەڵ کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لەهەرێمدا هەموو پێداویستیەکانی پێویست بۆ سەرخستنی پرۆسەی راپرسی سەرتاسەری بۆ دەستوور لەکاتی دیاریکراودا ئامادەیان بکەن.

2- کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان هەڵدەستێ بە سەرپەرشتی کردنی پرۆسەی راپرسی سەرتاسەری لەهەرێمدا.

**ماددەی نۆیەم:**

ئەنجومەنی وەزیران دەبێ رێنمایی پێویست دەربکات بۆ ئاسانکاری جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**ماددەی دەیەم:**

ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکانە دەبێ حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی یازدە:**

حوکمەکانی ئەم یاسایە لە مێژووی دەرچوواندنیەوە جێبەجێ دەکرێ و لە رۆژنامەی فەرمی (وقائع کوردستان) بلاْو دەکرێتەوە.

**عدنان موفتی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستان - عیراق**

## هۆیەکانی دەرکردنی ئەم یاسایە

دانانی بە سیستەمی فیدراڵی لە دەستووری عێراق، کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق پێی وەریگرتووە بەپێی بڕیاری ژمارە (22) لە بەرواری 1992/10/4 دەرچوو، بۆ پیادە کردنی ئەو حوکمەی لە ماددەی (120)ی دەستووری عێراقدا هاتووە کە بەو پێیە ماف بەهەر هەرێمێکی عێراقی فیدرال دەدات کە دەستووری تایبەتی خۆی هەبێ، و بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی دەستووری لە هەرێمی کوردستان، هەروەها بۆ پەسند کردنی ئەم دەستوورە کە پێویستی بە میکانیزمێك هەیە بۆ پیادەکردنی بەپێی رێو شوێنەکان بۆیە ئەم یاسایە دانرا.

---

تێبینی/ ئەم یاسایە بەبڕیاری ژمارە (16)ی ساڵی 2008 لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە دەرچوێنرا